شیکاری بۆ هەندێک
یاری و گۆرانی فۆلکلۆری منداڵان

ئازاد ساڵح [شنروێ]

٢٠٢٢

Institut kurde de Paris

شیکاری بۆ هەندێك یاری و گۆرانی فۆلکلۆری منالان

- نووسینی: ئازاد ساڵح
- بابەت: موزیک
- نووسینی نۆتەکان: ئازاد ساڵح
- پێداچوونەوەی: مەریوان سەلاح حیلمی
- تایپ: بیار رەشید
- کێشانی وێنەکانی ناوەوە: جوان ساڵح
- دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک: نزار نوری
- چاپخانە: ئاکام
- تیراژ: ١٥٠ دانە
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی (١٩٢٦)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پێدراوە

بە سوپاسەوە، لەسەر ئەرکی بەڕێز (ئازاد تۆفیق) پارێزگاری هەڵەبجە چاپکراوە

مافی لەچاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە

Institut kurde de Paris

پێشکەشـە :

بە منداڵانـی کـورد لە هەرکوێیـەك هـەن

Institut kurde de Paris

پێشەکی

هەرکاتێك کتێبێکی هونەری دەخوێنمەوە بەتایبەتی بەرهەمی نوسەرو هونەرمەندێکی کورد بێت، خەیاڵ ئەمباتەوە بۆرۆژانی خوێندکاریم لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی شاری موسڵ لەناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، مـن وکۆمـەڵێك هـاوڕێم لـەو پەیمانگایـە دەمانخوێنـد کۆمـەڵێکیان تـاکو ئێستاهونەرمەندی دیارو بەردەوامن لەخزمەتکردنی هونەری کوردی.

دیارە لەو سەردەمەدا چەندکتێبێکی هونەری موزیکی کوردی لەکتێبخانەی کوردیدا بەردەست بوو، یان ئەگەر چاوپێکەوتنێك یا شـیکاری بابـەتێکی هونەری لەگەڵ هونەرمەندان (ئەنوەر قەرداخی و وریا ئەحمەد و ئەنوەر ساڵح) هونەرمەندانی دیکە لەگۆڤارەکانی(بەیان - ڕۆشـنبیری نـوێ - کـاروان) بـڵاو بوایەتەوەو بەرچاومان بکەوتایە چەندین جار ئەمانخوێندەو تاوتوێمان دەکرد.چەند دانەیەك لەوکتێبانەی لەو سەردەمەدا چـاپ کرابـوون لای بەنـدە هـەبوو (دەروازەیەك بۆئاوازو مۆسیقای کوردی) مەحمود زامدار و (گەنجینەی مۆسیقای کـوردی) عوسمـان شـارباژێڕی و(کتـێبی ئامێرەکـانی مۆسـیقای کـوردی) مامۆستا وریائەحمەد. کتێب لەبارەی موزیکی گۆرانی منداڵانیش لەوسەردەمەو سـاڵانی نەوەتـەکانیش هەریـەك دووسـێ کتێبیـك ئامـادەکرابوو کـەڕۆڵی بەرچاویان هەبوو وەکو نموونە کتێبێکی قەوارە بچووکی مامۆستای خوالێخۆش بوو (سەباح محەمەد ئەمین) بەناوی (ئەڤین) کۆمەڵێك نۆتەی گۆرانی منداڵانی لەخۆگرتبوو نموونەی (باخەکەمان ڕازاوە - لاچۆ لاچۆ دەی برۆ) لەبیرەوەری ئێمەی هونەرمەندان و منداڵانی هەشتاکان ونەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا بەجێ هێشتووە.

چەندکتێبێکیش بۆهونەرمەندان حەسەن زیرەك بەناوی (چریکەی کوردستان) و (گۆرانێکانم) تایبەت بەشیعرو گۆرانێکانی مامۆستا عەلی مـەردان، کتێبەکەی چریکەی کوردستان نۆتەی هەندی لەگۆرانییەکانی تیا بوو کەدەمانژەن زۆر پێی دڵخۆش دەبووین. هەروەها نابێت ڕۆڵی کتێبـەکانی (فێربـوونی کەمانچەی) و (تیۆری مۆسیقا) هونەرمەند مامۆستا (سەلاح ڕەئووف) لەیاد بکەین کەرۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بۆموزیـسیانانی کـورد جگـە لـەڕاهێنان و ڕێنمایکردنی فێرخوازانی کەمانچە، کۆمەڵێك پارچە موزیکی هونەرمەندانی دیـاری کـوردی لـەخۆ گرتبـوو، لەلایـەکی تـرەوە زۆربـەی هێمـاو زاراوەکـانی وەرگێڕابووە سەرزمانی شیرینی کوردی کەئێمەو کۆمەڵێك لە هاوڕێکانمان لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا لای هونەرمەنـد (قـادر مـەردان) لەسـەر کتـێبی (فێربـوونی کەمانـچە) سـەرەتاکانی ئـامێری کەمانـچەمان خوێنـد. بەگـشتی سـوودمان لەهـەموو ئەوکتێبـە هونەرییانـە بـینی و پێـی دڵخـۆش دەبـووین کەهەموویان بەزمانی شیرینی کوردی لەسەردەمی زوڵم زۆری حکومەتی بەعسدا نوسرابوون بەتایبەتی کەئێمە لەشاری کەرکودا دەژیـاین پرۆسـەی خوێنـدن

Institut kurde de Paris

بەزمانی عەرەبی بوو. بەڕاستی کتێب و کتێبخانەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەبەرز ڕاگرتن و بەرەو پێشچوونی کلتوروئەدەب و هونەرو کوردی.

لێرەوەدەستخۆشی لەهاوڕێ و هونەرمەند ئازاد سالح بکەم بۆچاپکردنی ئەم کتێبەی لەمەڕ گۆرانی و یاری منداڵان. هەڵبەتە ئەو یاریانە گۆرانی ئامێزن هەریەکەیان ئاوازێکی تایبەتی خۆی هەیە، هەندێکیان شێوەی ریستاتیڤی[١] هەیە واتە لەسەر یەك دەنگ دەمێنێتەوە (ئۆنسیۆن[٢]) یان لە میانەیەکی سیانی گەورەدا[٣] یان میانەیەکی دوانی گەورە[٤] دەیچڕن، ڕەنگە هەندێ میانەی تریش هەبێت بەلاّم دەگمەنن. ئەم یاری و گۆرانییانە لەبیرەوەری ئێمەوهاوتەمەنەکانمان و نەوەی پێش ئێمەو دوای ئێمەش هەن، ڕەنگە زۆربەمان گۆرانی (هۆڕێوی ڕێوی)مان لەیاد بێت یان لەگەڵ منالانی هاوتەمەنی خۆمان بەکۆمەڵ ووتبێتمانەوە یان بەشداری (بووکە بەبارانێ)مان کردبێت، لەقۆناغی سەرەتایی (حاجی لەق لەق مار هات) مان خوێندبێت کەهەندێکیان لەشێوەی ئۆپەرێتێکی منداڵاندا دەردەکەون شێوەیەك لەنواندن و لەهەمانکاتدا گۆرانی و ئاوازی تێدەکەوێت. هەڵبەتە کۆکردنەوەی هەموو ئەم چمکە هونەری و کلتوریانە خزمەتێکی بەرچاو بەهونەری کوردی دەگەیەنێت لەڕووی ئەرشیف کردن تۆمارکردن و پاراستنیان و ڕزگارکردنیان لەفەوتاندن. هەروەها ناساندنی بەنەوەی نوێ چونکە لەگەڵ پێشکەوتنی زانست گۆڕانی ژیانی کۆمەلاّیەتی نەك لای ئێمەی کورد بەڵکو لەتەواوی دونیادا ئەم یارییانە بەهۆی ئای پادو مۆبایل و یاری ئەلیکترۆنیەوە فەرامۆش کراوە، منداڵان کەوتوونەتە ناو دنیای خۆیانەوە بۆیە لەسەرهونەرمەندان و نوسەران پێویستە هەرکەسەو لەناوچەو زێدی خۆیەوە بەتایبەتی شارەزایان قۆڵی لێ هەڵماڵن کەلتورو دابونەریتمان بپارێزن.

لەیادەوەری منداڵی من و ڕەنگە هاوشارێکانیشمان چەندین گۆرانی و یاری منداڵان هەبێت نموونەی گۆرانی (کوکوختی) لەشاری کەرکوك پێی دەڵێن (بیبی سوو) ڕیتمی ئەم گۆرانیە ٨|٥ لەڕیتم و کێشە لەنگەکانە دیارە گۆرانیەکە لە خوێندنی باڵندەکەوە وەرگیراوە هەڵبەستەکەی بەم چەشنەیە:

١. بیبی سو کوکو کو ئاو بێنە بۆ من و تو

---

[١] (Recitive) ریستاتیڤ واتە قسەکردن و ووتووێژی ئاوازدار کەلەناو ئۆپێر اکاندا پەیڕەو دەکرا، بەعەرەبی (الالقاء المنغم).

[٢] (unison) واتە لەسەر هەمان چینە دەنگە ئاوازەکە لەسەر یەك دەنگ دەمێنێتەوە ناگۆڕێت بۆدەنگی تر تاکو کۆتایی.

[٣] (Major third) میانەی سیانی گەورە نموونەی میانەی نێوان پلەدەنگی دۆ بۆ می.

[٤] (Major second) میانەی دوانی گەورە نموونەی میانەی نێوان پلەدەنگی دۆ بۆ ڕێ .

Institut kurde de Paris



تو - نو - م   بۆ - نه - بێ - ئاو   كو - كو - كو   سو - بی - بی

شـــێوەیەكی تـــر لـــە هەڵبەســـتی ئـــەم گۆرانییـــە هەیـــە، زمـــانی توركمـــانی تێدەكـــەوێت هەرهـــەمان ئـــاوازە بەشـــێوەیە

بیبی سو   سو گیاتە   ئاو بێنە بۆمنو تو

لای منالآنی شاری موسلیش هەمان ریتم بۆ گۆرانی كوكوختی هەیە.

٢- ئایشە بنەوشە گسكێ بدە لەو حەوشە   هەتا دایكت دێتەوە شیر مانگاكە بدۆشە



شەدۆ-ب كە-گا-مان-شیر وە-تە-دێ كت-دای تا-هە شە-حەو-لەو دە-ب كێ-گس شە بنەی شە-ی-ئا

هەڵبەتە ئەگەر كنەو پشكنین بەراوركاری بكەین گەلێك یاری وگۆرانی لەناوچەجیاوازەكانی تری كوردستان هەیە هاوبەشیش لەگەلێك لەم گۆرانیانـەدا هەیە ئەگەر جیاوازیەكی بچووك لەپەیڤەكانیدا هەبێت یان وەكو یەكن كەزۆرێك لەوانە كاك ئازاد سالح ئامـاژەی پـێ كـردووەو لـەم كتێبـەدا بـەجوانی و زانستیانە ئامادەی كردووە.

تەوەرێكی تر حەزم كرد ئاماژەی پێ بكەم ئـەم بابەتانـە لەپـەیمانگای هونەرەجوانـەكان لەگـەڵ وانـەی سـروودو گۆرانیـدا بخوێنرێت ئەگـەر لەسـاڵێكی دیاریكراویش بێت هەروەكو چۆن سروود و گۆرانی لەپرۆگرامی خوێندندا گۆرانی منالێش لەخۆ بگرێت چونكە دەرچووی ئەوێ دەبنە مامۆستای ئەو بابەتـە بۆیە پێویستە شارەزای لەگۆرانی مۆسیقای مندالآندا هەبێت بتوانێت خۆی ئاواز بۆئەو قۆناغانە دابنێت و هەروەكو چۆن لەسـەردەمی ئێمـەدا یـەكێك بـوو لەبابەتەكانی ئێمە. لەلایەكی ترەوە تائێستا لەقۆناغی سەرەتای بابەتی موزیك كتێبی تایبەت بەوانەی موزیك نییـە كەلـەولآنی دنیـاو تەنانـەت لەهەنـدێ وڵاتی عەرەبی دراوسێ عێراق كتێبی موزیك بۆ گۆرانی منالآن و هەندێ زانیـاری موزیـك و گـۆرانی یـاری منـالآن و ناسـینی كۆمـەڵێك ئـامێری موزیـك

Institut kurde de Paris

بەقوتابیانی قۆناغی سەرەتایی بەشێوەی ئاسان، تەنانەت لەسەردەمی سالآنی حەفتاکان لەعێراقیش کتێبێکی واهەبوو بەلآم بۆ مامۆستا و خوێندکارانی پەیمانگای هونەرەجوانەکان هەبوو بۆئەو وانەیە. لەکۆتایدا هیوادارم هەموو چمکەکانی هونەری کوردیمان بەشێوازی زانستی سەردەمی کۆبکەینەوە بیخەینە خزمەت هونەرو هونەرمەندان. دەست خۆشیش لەبرای هونەرمەندم ئازاد سالح ئەکەم کەئەرکی کێشا و ئەم یاری وگۆرانییانەی کۆکردەوە.

چالاك صديق

Institut kurde de Paris

بەراییەك

منـدالّ...!! ئـەو بونـەوەرە پڕلـە میهـرو پـاكی و بێگـەردە پـڕ ئەفـسووناویەیە، كـە هـەموو دیاردەكـان لای ئـەو نوێیـە، ئـەوەی دەیبیستێت، دەیبینێت، هەستی پێدەكات و لای ئەو ڕەنگدانەوەی تایبەتی خۆی هەیە.

هونەری مۆزیكیش یەكەمین هەستیارە كەمرۆڤ پێوەی پەیوەست دەبێت و كار دەكاتە سەر ژیانی تاك و هەست ونەست و سۆزی ئاوێزانی دەبێت و گۆشی دەكات.

هـەر لەسـەرەتاوە منـدالّ لـە منداڵـدانی دایكیـدا هەسـت بـە ڕەزمـی دڵـی دایـك دەكـات و یەكـەمین ئـاوازیش دەنگـی هەناسـەی سییەكانیەتی، بۆیە لێدانی دڵ و هەناسەی دایك یەكەمین بەزم و ڕەزمە لای مندالّ (الصوت والایقاع) كە كات و ئاواز دوو تـوخمی سەرەكین لە مۆسیقادا.

بنەمـای یەكەمی مۆزیك ئاوازە كە بریتییە لە لەرینەوەیـەكی شـەپۆلدار كـە لەهـەوادا بـەهۆی لەرینـەوەی تەنێكـەوە (قـوڕگ - ژێ) بلاّو دەبێتەوە، منـدالّ لەسەرەتاكانی تەمەنیدا دەنگی مۆزیكی نیە، بەلاّم ئەگـەر پـەروەردە بكرێـت و خولیـای هـەبێت دەنگـی دەبێتـە دەنگی موزیكی. دووەم بنەمای مۆزیكیش (ڕەزم)ە، كە بریتییە لەیەك بەدوای یەكدا هاتنی كاتە موزیكیەكان گەر وەك یەك بن یان جیـاواز ڕەزمـیش تـوخمێكی سـەرەكی موزیكـە، چـونكە هـەموو بـوون وگـەردوون لەسـەر ڕەزمێكـی ڕێكوپێـك بەڕێوەدەچـێت هـەر لەسوڕانەوەی زەوی و بەدوای یەكدا هاتنی سالّ و وەرزەكان و مانگ و ڕۆژ و كاتژمێرەكان، تا دەگاتە ژیانی بوونەوەرەكان بـەمرۆڤ و ئاژەلاّو وتەنانەت ڕووەكیش، كە لەسەر ڕەزمێكی تایبەت بەڕێوە دەچێت كە بەشێوەیەكی وورد كۆك كراوە كە بەبەردەوامی ژیان دەپارێزێت كەواتە نەمانی ڕەزم واتە نەمانی ژیان بە هەموو ماناو بەهاكانیەوە. كەواتە منـدالّ بـۆ مـاوەی (٩) نـۆ مـانگ لـە نێـو منداڵدانی دایكیدا دەژی وە لەناو هەناویدا هەست بەدەورو بەر دەكات بەتایبەتی دەنگ و ڕەزم زرمەو ترپە كە وەك خۆراكی گیانی وایە تا ئەو كاتەی چاو بەدنیا هەڵدەهێنێت و دێتە ژیان، ئەو ساتانە هەست بەنامۆیی و ترس و دڵەڕاوكێ دەكات، بۆیە بـەگریان ئـەم نامۆییەی خۆی دەردەبڕێت.

Institut kurde de Paris

پاش ئەمە دایک بەدەنگی بەسۆزی ئەم ترس و دڵەڕاوکێیەی بۆ پڕ دەکاتەوە و بەشێوەیەکی سیحر ئامێز دایک و منداڵ دەبنە تان و پۆی یەکتر و جوانترین سۆزو ئاواز تێکەڵ بە گیانی نامۆی یەکدی دەکەن، لەم تەمەنەدا دایک و منداڵ دوانەیەکی یەکدی ڕازێنەرەوەن ئەم بەدەنگی سۆزی دایکایەتی و ئەو بەگڕو گاڵی پڕ لەبەرائەتی.

کەواتە ئامرازی دەنگ و ڕەزم دەبێتە یەکەمین پردی پەڕینەوەی هەستەکانیان بۆیە ساناترین و ساکارترین گرێ بەند دەنگی بەسۆزی دایکە بۆمنداڵەکەی ئەویش بە لای لایەو گۆرانی و ڕاژەنینی تا بەیانی و پەروەردەکردن بەشیری مەمکەکانی، بۆیە منداڵ بەم دنیا نوێیە ئالودەی موزیک دەبێت.

لێرەدا گرنگی موزیک بۆ گیانی منداڵ و گەشەسەندنی وەك گرنگی شیر وایە بۆ نەشونماکردنی واتە گەشەسەندنی گیانی و جەستەیی (الروحی والمادی) هەردوو تەواوکەری یەکدین بۆ منداڵ، بە شێوەیەکی دی گرنگی موزیک لەوەدایە چونکە دەربڕینی سۆزو هەستە لەهەموو کات و شوێن و زەمەنێکدا، هەر کۆمەڵگایەك هەرچەندە سەرەتایی یان پێشکەوتوو بێت، لێرەشەوە سەرچاوەکانی گۆرانی بەپێی زەمان و زاراوە و جوگرافیاو باری ئابووری و کۆمەڵآیەتی جیاواز دەگۆڕێت، لای کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان موزیک بووەتە شیوازێک لەژیان بۆیە لای ئەوروپیەکان موزیک بریتی نیە لەوتنەوە و پیاهەڵدان بەڵکو بووە بەژیان.

ئامانجی گۆرانی منداڵیش ئەوەیە کەهەست و نەست و سۆز تێر دەکات و گەشەی پێدەکات ، دەروون ئاسوودە دەکات بەوەی زانیاری منداڵ لەبواری زمان و یاری کردن و هەروەها مێژووی کلتوورو خەیاڵ فراوان دەکات، چونکە جەستەی خۆی دەدۆزێتەوە و خۆی لەوانی دی جیادەکاتەوە و دەبێتە تاکێکی سەربەخۆ، لەو ساتانەدا فێری ئاخاوتن و ژاوە ژاو و چەپڵە دەکوتێت و وەریشی دەگرێت، واتە کارو کاردانەوە، چونکە منداڵ بەدەنگی بەسۆزی دایکی خەو دەیباتەوە و لەبێشکەدا لەسەر ڕەزمەکەی خەوەی لێدەکەوێت و گڕوگاڵ دەکات و هەڵدەپەڕێنرێت و کاتێ سەمای پێدەکرێت و پاشان دەست دەکات بەڕۆیشتن.

یەکێک لەئامانجە سەرەکیەکانی ئەم توێژینەوەیە پۆلێن کردنی گۆرانی فۆلکلۆری منداڵآنی کوردە بۆ چەند بەشێکی سەرەکی لەوانە:

١- ئەو گۆرانییانەی کە بۆ منداڵ دەوترێت لەسەرەتای لەدیکبوونیەوە تا تەمەنی (٢) دووساڵآن (تەمەنی پێگرتنی راستەقینەی)

Institut kurde de Paris

ئەوەی لێرەدا بەرچاو دەکەوێت ئەم گۆرانیانە لەلایەن گەورەوە ئاوازو هۆنراوەکانیان دادەنرێت، چونکە منداڵ توانای دەربڕینی نیە.

ئاشکرایە ئەم گۆرانییانە لەلایەن دایکەوە دەگوترێت لەبەرئەوەی سۆزی دایک سۆزێکی پڕ میهرەبانی و بەخشندەییە، بەوەی کە سروشتی دایک وا خوڵقاوە کە بۆماوەی چەند مانگێک منداڵەکەی لە سکدا بێت و هەست بەئازارەکانی و خۆشییەکانی دەکات.

گۆرانی ئەم قۆناغەی تەمەنی منداڵ دەکرێت بەدوو بەشەوە:-

أ- گۆرانی خەواندن / وەك لای لایە

ب- گۆرانی گڕو گاڵ / وەك ئش ئش

ئامانجی یەکەمیان یارمەتیدانی منداڵە بۆنووستنێکی ئاسوودە، بەڵام ئامانجی دووەم پڕ بارکردن وبارگاوی کردنی گیانی خۆشەویستی و ڕاهاتنە لەگەڵ ژیان و دەوروبەر، ئەم جۆرەی گۆرانییەکان زۆر جار بڕگەکانی کورتە وەك دایک منداڵەکە هەڵبەزو دابەز پێدەکات یان خۆی دەجوڵێنێتەوە کاتێک منداڵەکەی لە باوەش گرتووە.

٢- ئەو گۆرانیانەی کەمنداڵآن خۆیان دەیڵێنەوە لەکاتی یاریکردنە ڕەمەکیەکاندا، ئەم گۆرانییانە زۆر جار لە ڕۆیشتن یان دانیشتن یان کاتی ڕاکردنیان بەبێ ئەوەی سنورێکی دیاریکراوی هەبێت و پلانێک هەبێت، بەڵکو پەیوەندی بە وەرزێکەوە یان بۆنەیەکەوە هەیە.

یاریش خۆی بۆ خۆی بۆ منداڵ پێویستە (ویبستر) لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەو جوڵآنەیە کە خۆشی پەرش دەکات) یان فرۆید دەڵێت: (ئەو جوڵآنەیە کە ئارەزوومەندانە کاتی پێ دەبەینە سەر). یارییە هەرەمەکیانە ئەو یارییانەیە کە منداڵ دەیکات بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات، بەڵکو لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بەتاك یان بەکۆ دەیڵێتەوە، بە شێوەیەکی ساکار هەندێ جاریش هیچ مانایەك نابەخشێت.

یاری ئەو گۆڕەپانە والآیەیە کە منداڵ ناخی کپکراوی خۆی پێ دەردەبڕێت، چونکە ناتوانێت بە وشە ئەو جۆرە هەستەی دەربربڕێت، بۆیە بەیاری و ئامڕازە ساکارەکانی بەردەستی وەك بەرد، دار، بووکەڵە...هتد، ناخی خۆی خاڵی دەکاتەوە.

Institut kurde de Paris

٣-   ئەو گۆرانیانەی کە تایبەتە بەیارییەکی دیاریکراوەوە:-   گەر گۆرانی گەورە چەند ڕێسایەکی تایبەتی خۆی هەبێت ئەوا دنیای منداڵیش دنیایەکی کورتکراوەی ژیانی کۆمەڵە و ئەوانیش لەکاتی وازیکردندا چەند گۆرانییەکی تایبەتیان هەیە بە خۆیان، زۆر جار گەورە ئامێرە موزیکیەکان بەکار دەهێنێت، بەڵآم ئەمان بەوازیکردن ئەم گۆرانییانە دەردەبڕن، گەر گۆرانی گەورە سۆزێکی عاشقانەی هەبێت بۆ توخمی بەرامبەر ئەمان جوڵە ئاوێزانی ئەو عەشقە دەکەن، واتە زۆر جار کیژان لەتەك گۆرانییەکەدا سەما دەکەن، کوڕانیش چەند جووڵەیەکی ڕاکردنی وەرزشی دەکەنە ئاوێزانی گۆرانییەکانیان.

بەمەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بتوانین گۆرانی منداڵآن بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکەین:

گەر لەڕووی تیۆریەوە سەیری گۆرانی فۆلکلۆری منداڵآن بکەین دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دوو جۆر گۆرانی منداڵآن هەیە:

١-   ئەو ئاوازانەی کە لەلایەن گەورەوە دەوترێت بۆ منداڵآن بۆ خەواندن زۆربەیان بێ (کێش)ە، چونکە لە سەرچاوەی سۆزەوە ئیلهامی وەرگرتووە.

٢-   ئەو ئاوازانەی کەمنداڵآن خۆیان لەگەڵ یارییەکاندا دەیڵێنەوە (کێش)دارن و جوڵەو سەمایان ئاوێزانە

Institut kurde de Paris

گۆرانی فۆلكلۆری منداڵان

گۆرانی كێشدار | **گۆرانی بێ كێش**

ئەوەی ئاشكرایە زۆربەی ئەو گۆرانیانەی كە لەتەمەنی سەرەتایی منداڵآندا كە لەلایەن دایكەوە دەگوترێت زۆر جار بێ كێشە و لەلایەن دایكەوە دەگوترێت واتە (تاك گۆ)، بەلآم ئەو ئاوازانەی كە لەلایەن منداڵآن خۆیانەوە دەگوترێت زۆربەیان بەكۆمەڵ دەگوترێت یان یەكێك لەمناڵەكان دەیڵێت و ئەوانی دی بۆی دەسەننەوە،لە كۆتاییدا دەتوانین گۆرانی كوردی مناڵآن بەم شێوەیە پۆلێن بكەین:

Institut kurde de Paris



تێبینی /

تاك كۆ: واتا بەتاك دەگوترێت

كۆ كۆ: واتا لەلایەن كۆمەڵێكەوە دەگوترێت

Institut kurde de Paris

(١)

لای لایە لای لایە ڕۆڵە لای لایە
شەوگار درەنگە بۆ خەوت نایە
لایەت بۆ ئەکەم خەوت لێ بکەوێ
شەو هەتا بەیان گیانت بسرەوێ
ڕۆڵە لای لایە کۆرپەم لای لایە
شەوگار درەنگە بۆ خەوت نایە

Institut kurde de Paris

لای لایه



ئەم بەیتانە لەلایەن دایکەوە دەگوترێت بۆ منالەکەی، ئاوازەکەش لەلایەن گەورەوە دانراوە. بەیتەکان لەو ساتانەدا دەگوترێت کە منالّ لە بێشکەدایە و سەرەتای تەمەنیەتی بۆ ئەوەی منالەکەی خەوی لیّ بکەویت. ڕەزمەکەی بریتییە لە هێنان و بردنی بێشکەکە بۆ ئەمسەروئەوسەر هەروەها وردە وردە لەشی منالّ خاو ئەبێتەوە و چاوی دەچێتە خەو، ئەم لایلایەیە لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی دی دەگۆڕێت، بەلآم گرنگ ئەوەیە کە سۆزی دایک لەم دەقانەو ئاوازەکەیدا بە ڕوونی دیارە.

بەم گۆرانییە یەکەمین پەیوەندی ڕۆحی نێوان دایک و جگەرگۆشەکەی دروست دەبێت. ئەم دەق و ئاوازەش دەبنە پردێک بۆ گرێدانی گیانی دایک و کۆرپەکەی.

Institut kurde de Paris

Institut Kurde de Paris

(٢)

گورگانـــــــــه شـــــــــەوێ
گورگانـــــــــه شـــــــــەوێ
لـــــەماڵی ئێمـــــه دورۆ کـــــەوێ
بـــــرۆ بـــــۆ مـــــاڵی گوڵـــــه
گوڵـــــه بخـــــۆ دڵـــــه بخـــــۆ
ئەحەش بخه ناو چـــاڵێکی قوڵـــەوه

گورگانه شەوێ



ئەم گۆرانییە دایک دەیڵێت بۆ مناڵەکەی کاتێ خەوی لێ دەزڕێت یان دەگری، بەم گۆرانییە تۆزێک لەترس دەخاتە دەروونی منالْ بۆ ئەوەی خەوی لێ بکەوێت. بۆ ئەوە مندالْەکە وابزانێ دایکی دەیەوێت گورگی بۆ بانگ بکات، بەلاّم هەر دلْی نایەت دەلْێ بەگورگەکە لەمالْیان دوور بکەوێتەوە و بڕوات بۆ مالْی خزمێکی تریان بۆ ئەوەی منالْەکانی ئەوان بخوات و منالْەکەی خۆی پارێزراو بێت..

Institut Kurde de Paris

(٣)

ئش ئش   پەڵپینە بەترش

ئش ئش



Institut kurde de Paris

ئەوەی لەم دەقەدا بەدی دەکرێت لەوکاتانەدا دەگوترێت کە مناڵ لەتەمەنی گڕوگاڵ کردنیەتی کە دایک مناڵەکەی بەهەردوو دەست بەرزدەکاتەوە و ئەم گۆرانییە دەڵێت. لەم دەقەدا وشەی (پەڵپینە بەترش) هاتووە کە خواردنێکی کۆنی کوردەوارییە ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ تەنانەت سوودی لە ناوی خواردن وەرگرتووە بۆ ئەوەی لە دەقی گۆرانی و ئاوازەکانیدا بەکاری بهێنێت. هەروەها وشەی (ئش) کە هێمایەکە بۆ هەڵپەڕکێ و سەما بۆیە ئەم ئاوازە لە کاتی هەڵپەڕاندنی مناڵەکەدا دەگوترێت.

Institut Kurde de Paris

(٤)

داره داره   پێ بگره بەهاره

داره داره



ئەم گۆرانییە لەو کاتانەدا دەگوترێت کەمنداڵ لەتەمەنی پێ گرتندایە، ئەو کاتانەی کە (ڕەو ڕەوە)❖ی تەختەی دەدرێتە دەست کاتێ کە دەکەوێت و هەڵدەستێتەوە ئەم ئاوازەش لەلایەن گەورەوە دانراوە، منداڵ هان دەدات کە پێ بگرێت و لە گاگۆڵکێ کردن ڕزگاری بێت. وشەی (دارە) لەوانەیە لە ناوی (دارا) وە هاتبێت یان لە وشەی دار کە نیشانەیە بۆ ڕاوەستان و چەق بەستن لە سەر زەوی و سەقامگیر بوون، لە باری دەروونییەوە لایەنی هاندانی تێدایە بۆ منداڵ.

❖ ڕەوڕەوە: بریتییە لەخلۆکەیەك کە لەتەختەدار دروست دەکرێت. ئەو کاتانە دەدرێتە دەست منداڵ کە خەریکە پێ دەگرێت، (ئەم ڕەوڕەوە)یە تایبەتە بە پیشەسازییەکانی میللی کوردەواری کە لەنەتەوەکانی تردا جۆرەکانی جیاوازە.

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris

(٥)

هـــــۆ ڕێـــــوی ڕێـــــوی هـــــۆو
ڕێـــــوی بـــــێ ئیمـــــان هـــــۆو
شـــــەریکی شـــــەیتان هـــــۆو
قەلەکـــــە سمـــــۆرە هـــــۆو
لـــــە دەشـــــتی چـــــۆڵە هـــــۆو

هۆ ڕیوی



ئەم گۆرانیه زۆرتر منداڵآن له کۆلآن کوڕ یان کچ دەیڵێنەوە و ئاوازەکەی لەلایەن منداڵآنەوە دانراوە. پەیوەندی نێوان منداڵ و گیاندار دەردەخات کە ڕێوی بە گیاندارێکی فێڵباز دەدرێتە قەڵەم، بە فێڵبازی ڕێوی بێ ئیمانە و هەروەك شەریکی شەیتان وایە هەروەها قەلیش باڵندەیەکی دڕندەیە لای منداڵآن، ئەم گۆرانییە بۆ منداڵآنی تەمەن (٨ - ٩) ساڵآنە.

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris

(٦)

پشیله سووره بە کوێیا چوو
ئەرزی دڕی پیایا چوو

پشیله



Institut kurde de Paris

ئەم گۆرانیەش زیاتر کوڕان لە کاتی هاوین بەتایبەتی شەو دەیان وتەوە کە پشیلە گیانداریکە لە مالآن هەیە کە لەوانەیە لەترسی ڕاونانی منالآن هێندە بەتووندی ڕای کردووە لەوانەیە ئازاری (چۆلەکە)ی دابێت عەرزی دڕیوە پێیدا چووە ئەمەش خەیاڵێکی بەرینی منالّ پیشان دەدات کە خەیالآویانە بیر دەکاتەوە ئەم گۆرانییەش بۆ منالآنی تەمەن (٦ - ٧) سالآنە.

Institut kurde de Paris

(٧)

سابونی ڕەقی[٥]   پشتم تەقی

(5) سابوونی ڕ ەقی، جۆرە سابونێکە کە لە کاتی خۆی زۆربەی خەڵک بەو سابونە خۆیان شتووە.

سابونی ڕەقی



Institut kurde de Paris

ئەم گۆرانیە زیاتر کوڕ یان کچ شەوان لەزستان دەیڵێنەوە ئەمەش وەك یارییەك دەکرێت کە دوو منالّ پشت دەکەنە یەکترو پشتاو پشت دەست دەگرن وە یەکەم جار یەکەمیان ئەوی تر واتە دووەمیان بەرز دەکاتەوە و دەڵێت: سابونی ڕەقی دووەم جار کەسی دووەم یەکەم بەرز دەکاتەوە و دەڵێت: پشتم تەقی، ئەمەش وەك پشت تەقاندنی یەکتر وایە کە وەرزش دەکەن.

Institut kurde de Paris

(٨)

دگل دگل دانە   شەڕی مامە خانە

دگل دگل



ئەم گۆرانییە تایبەتە بەشەڕە کەڵەشێر. کاتێک دوو کەڵەشێری منالآن دەست دەکەن بەشەڕ خاوەنەکانیان یان منالآنی دی کە لێی کۆدەبنەوە ئەم گۆرانییە دەڵێنەوە بۆ هاندانی کەڵەشێرەکانیان کە هەموو پۆپنەی یەکتریان پڕ کردووە لەخوێن. ئەم گۆرانییە بە حەماسەتێکی زۆرەوە دەڵێنەوە بۆ ئەوەی هەریەکە کەڵەشێری خۆی براوە بێت.

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris

(٩)

ئاگری شینی گیایی
بۆ مەیلی برایی
مەیلی برام حەوت پشتە
ئەسپی کاکم لەجووتە
هۆ کچێ تەقە تەق مەکە
گوارەکانت دەفرۆشم
ئەیدەم بە قەرەوێڵە
لە سەری دادەنیشم

ئاگری شین



ئەم گۆرانییە تایبەتە بە کچان کە دەیڵێنەوە و پشت بە برا بەستراوە، کە کچان پشتیان بەبراکانیان دەبەستن و شانازی پێوەدەکەن ئەم گۆرانییە زیاتر لەوەرزی بەهاردا دەگوترێت، ئەو کاتانەی کە کاتی جووت کردنە.

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris

(١٠)

ئایشێ بنەوشێ
گسکێ بدە لەحەوشێ
ئەگینا دایکت دەتکوژێ
یاخوا لەشت داوەشێ

ئایشێ



ئەم گۆرانییە تایبەتە بە منالآنی کچ کە هاورێکانی (ئایشێ) هان دەدەن بۆ ئەوەی یارمەتی دایکی بدات لە کارکردن هەروەها ترسیش دەخەنە کار بۆئەوەی بەهۆی ترسەوە هانی کچەکە بدەن بۆ کار کە لێدان لە کلتوری کۆمەڵگای ئێمەدا هەبووە ئەویش پەیوەندی بەو کلتورە توندو تیژەوە هەیە کە کۆمەڵگای ئێمە تووشی بووە.

Institut kurde de Paris

Institut Kurde de Paris

(١١)

مامە پیرە سەعات چەندە
پێم نەگوتن سەعات یەکە
مامە پیرە سەعات چەندە
پێم نەگوتن سەعات دووە
بەم شێوەیە تادەگاتەکاتژمێر دوانزە

مامه پیره



Institut kurde de Paris

ئەم گۆرانییە کۆمەڵێک منداڵ کۆ دەبنەوە و یەکێکی گەورەیان جلوبەرگی پیاوی پیر لەبەردەکات و جامەدانەیەك دەبەستێت و خۆی دەکات بە مامە پیرەیەك، منالآنیش لێی کۆدەبنەوە و لێی دەپرسن: مامە پیرە سەعات چەندە؟

ئەویش وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت: پێم نەوتن سەعات یەکە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەم گۆرانییە یارمەتی منداڵ دەدات بۆ فێربوونی خوێندنەوەی کات.

Institut kurde de Paris

(١٢)

پرچــــی ئایـــشێ و فاتمـــه
پرچـــم بـــۆ درێـــژ کـــه



ئەم گۆرانییە لە کاتی پاش بارانی بەهار کە پەلکە زێڕینە بەڕەنگە ڕەنگالەییەکەیەوە لە ناو هەوردا دەردەکەوێت کە دیمەنێکی ئێجگار سیحراویی دەنوێنێت، ئەمەش وای لەمندالآن کردووە بەتایبەتی کچان پرچیان بدەنە بەر باران و سەیری پەلکە زێڕینە بکەن و ئەم گۆرانییە بلێێنەوە.

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris

(١٣)

بووکـــــه بـــــه‌بارانێ
ســــه‌عاتی جـــارانێ
ئـــاوی میزه‌ڵـــدانێ
ئـــاوی بـــن ده‌غلاّنـــێ
هـــه‌یاران و مـــه‌یاران
یـــاخوا داکاتـــه بـــاران
بـــۆ فـــه‌قیرو هـــه‌ژاران

بووکه به بارانێ



ئەم گۆرانییە بە زۆری لەو ساڵانەدا دەگوترێت کە باران کەمە. منداڵان وەك جۆرێک پاڕانەوە و نزاکردن ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدەن کە باران بباریٚ بۆ ئەوەی دەغڵ و دان بژێتەوە.

منداڵان بوکێک لە پەڕۆ دروست دەکەن و لە دەرگای ماڵان دەدەن، تا کەیبانوی ماڵ دەرگایان لیٚ دەکاتەوە و ئەوانیش ئەم گۆرانییە دەڵێنەوە. کەیبانوی ماڵەکەش جامێک ئاو دەکات بەسەر بوکەکەدا و یەك یەك ماڵان دەگەڕێن و ئەم گۆرانییە دەڵێنەوە.

Institut kurde de Paris

(١٤)

هــەللور بـــەللور تەكامــە
زەردو ســـــور و شـــــەمامە
ئـــاوە بـــەرە دەنكـــە زەرە
مێخم كـوتی مـێخ هەڵبـەزی
تیكەی ڕاستی ئـەوەی گـەزی

هه لوور به لوور



ئەم گۆرانییە زۆربەی كات لەزستاندا كە منالّ لەژوورەوە دادەنیشن كورو كچ پێكەوە یەكێك لەمنالّەكان ئەم گۆرانییە دەلّێت و هەموو منالّەكان قاچیان درێژ دەكەن. ئەو منالّەی كە ئەم گۆرانییە دەلّێت یەكە یەكە دەڕوات لەقاچی منالّەكان دەدات بەدەستی تا كۆتایی بە ئاوازەكە دێت پاشان كە گوتی (ئەوەی گەزی) ئەو قاچەی دەنوشتێنێتەوە، ئەو منالّەی تا كۆتایی قاچی بەدرێژكراوەیی دەمێنێتەوە و ئەوەیان یارییەكە دەباتەوە.

Institut kurde de Paris

(١٥)

ئاخـــــــچى بوخـــــچى
دايـــەو بابـــە ســـندوق چـــى

Institut Kurde de Paris

ئاخچی بوخچی



Institut kurde de Paris

ئەم گۆرانییەش منالآن دەیلێنەوە و خۆشەویستی و سۆزی دایک و باوک دەردەخات کە منالآن جگەر گۆشەی ئەوانن وە ئەوان یان باوک خەرجی منالّەکان دابین دەکەن وەك سندوقچیەك پارەیان بۆ خەرج دەکات بۆ ژیانیان.

Institut kurde de Paris

(١٦)

حاجی لەق لەق مار هات
ماری ژەنگ و ژار هات
لەیلێ بەگریان هات
پیرەژن بەگۆچان هات

حاجی لەق لەق



ئـەم گۆرانییـەش پـەیوەنـدی نێـوان منـاڵ و گیانـدار دەردەخـات کـە حـاجی لەقلـەق باڵندەیـەکی خێرخوایـە و مـاریش خـشۆکێکی زیانبەخـشە، لەلایـەکی تـرەوە (لـەیلێ) نـاوی ئافرەتـە و لـەوە دەچـێت کـە پـیرەژن لێـی دابێـت ئەمـەش دوو لایـەنی خێـرو شـەڕ بـەدی دەکرێت لە ڕوانین بۆ ژیان کە تەنانەت لای مناڵیش ڕەنگ دەداتەوە.

Institut kurde de Paris

Institut Kurde de Paris

(١٧)

گەیشتین نەگەیشتین

گەشتین نەگەشتین



Institut kurde de Paris

ئەم گۆرانییە دوو منالْ یەکێکیان ئەوەی تریان هەڵدەگرێت و دەیگرێتە کۆڵی و ماوەیەك دەڕۆن ئەم دەڵێت گەیشتین ئەوەی کە هەڵی گرتووە دەڵێت نەگەیشتین. بەم شێوەیە ئەم گۆرانییە دەڵێنەوە تا دەگەنە ئەو شوێنەی کە لێی هاتوون کە پێی دەڵێن (شار).

(١٨)

حەمـــامۆکێ مـــووم بۆ دەرکێ

مووی زەرد و سورم بۆ دەرکێ

حەمامۆکێ



Institut kurde de Paris

ئەم یارییە منالێک هەندێک خۆڵ کۆدەکاتەوە و وەك گومەزییەکی لێدەکات و تەڕی دەکات و بەئاو سواغی دەدات. ئەو کاتەی دەست دەهێنێت بەسەر گومەزە سواغ دراوەکەدا دەڵێت: حەمامۆکێ مووم بۆ دەرکێ. لەوانەیە ئەو قوڕەی مووی تێدا بێت لە پڕ دەڵێت: ئەرەوەڵا موویەکم بۆ دەرچوو، واتە لەخەیاڵیدا وادەزانێت کە ئەو مووە بەو گۆرانییەی ئەو دۆزراوەتەوە. ئەوەش پاکی و بێگەردی و خۆش باوەڕی منالْ دەردەخات.

(١٩)

دۆزە دۆزە بــــــۆم بــــدۆزە

هی خۆم نییە هی پــیرۆزە

دۆزە دۆزە



ئەم گۆرانییەش کاتێک منالّ دەیلّێت کە شتێکی لیّ ون دەبێت لەوانەیە کە پارەی ڕۆژانەکەی بێت کە خەرجی دەکات یان گوارەیەکی ئالّتونی بێت، بەبارێکی دەروونی ئالّۆزەوە دەیلّێت، چونکە لەوانەیە لەدایکی یان کەسێکی گەورەی خێزانەکەی بترسێت بۆیە پەنا دەباتە بەر قەدەر بۆئەوەی خۆی لەو مەسەلەیە دوور بخاتەوە و دەلّێت: هی خۆم نییە هی پیرۆزە لەوانەیە ناوی دایکی بێت.

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris

(٢٠)

چـــوومه مـــاڵی جولەكـــە
قوڵپـــە قـــوڵپی كولەكـــە
چـــوومه مـــاڵی ئەرمـــەنی
قوڵپـــە قـــوڵپی ســـەمەنی
چـــوومه مـــاڵی موســـڵمان
دەنگـــی ئایـــەتی قورئـــان

چومه ماڵی



ئەم گۆرانییە منالآن دەیلێنەوە ئەمە دەریدەخات کە لەکۆمەڵگای کوردەواریدا کورد وەك ئاین لەگەڵ جوولەکەو ئەرمەنیدا وەك برا پێکەوە دەژیان بەوەی کە ناویان لەم هۆنراوەدا هاتووە وە هەریەکە ڕێو ڕەسمی جیاوازیان هەبووە لە ژیاندا.

Institut kurde de Paris

(٢١)

شەوی شەوی بەراتێ
خوا دوو کوڕو کچێکتان باتێ
کچەکەتان ژیر بێ
کوڕەکەتان میر بێ
ئەگەر هەیە بەزیاد بێ
ئەگەر نییە بەزیاد بێ
بەشی ئێمەشی تیا بێ

شەوی بەراتێ



شەوی بەرات شەوێکی ئایینیە. لەم شەوەدا کوڕو کچ بە مالآندا دەگەڕێن و پێکەوە ئەم گۆرانییە دەڵێنەوە. هەر ماڵەی نوقڵ یان گوێز یان خورما یان پارە دابەش دەکات بەسەر منالآندا، دەبینین لەم دەقانە کە منداڵ هەمیشە مرۆڤێکی چاکەخوازە کە لە خوا دەپاڕێنەوە کە کوڕ و کچیان بداتێ کە کچەکە ژێر بێت و کوڕەکە میر بێت وهێندەش چاو چنۆك نین، بەڵکو چەند دەنکە نوقڵێکیان دەدرێتێ ئەگەر هەبێت ئەگەر نەشبێت هەر دەڵێن بەزیاد بێت و داوای بەشێکی کەم دەکەن ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ کەمنداڵ بەرچاوی تەنگ نیە، بەڵکو بەبەشێکی کەم ڕازییە. ئەم هۆنراوە و ئاوازەش هەر لە داهێنانی منداڵ خۆیەتی.

Institut kurde de Paris

(٢٢)

هـــۆ مامـــە ڕەشـــە هـــۆو
پـــشتوێن کرێـــشە هـــۆو
بەردەرگاکـــەتان هـــۆو
هـــەر خۆڵـــە مێـــشە هـــۆو

هۆمامه ڕەشه



ئەم گـۆرانیە منـاڵان لە دەرەوە لە گەڕەك ئەیلێـنەوە كە كەسـێك دراوسـێ یـانە بە نـاوی (مـامە ڕەشـە) وە كەسـێكی ڕێك پـۆش و پۆشـتەو پەرداخە و پشتوێنەكەی لە قوماشی (كـرێش)ە كە جۆرێكە لە قوماشی كراسی ژنانە، بە شان و باڵـیداهەڵ ئەدەن و بەم گۆرانی و ئاوازە وەسفی دەكەن.

Institut Kurde de Paris

Institut kurde de Paris

(٢٣)

دم دم هەلاجی
نانێ بدە بە تانجی
توو سەری مامە حاجی

دم دم



جاران هەلاجەکان بەماڵآندا دەگەڕان بە ئامێرێکی هەلاجی دۆشەك و لێفەیان بۆ ماڵآن شی ئەکردەوە ئامێرە هەلاجیەکە یەکێکە لەئامێرە پیشەسازییە کوردەوارییەکان کەبریتی بوو لە دارێکی درێژ وەك کەوان چەمابووەوە و ژێیەکی پێوە بوو کە لەڕیخۆڵەی ئاژەڵ دروست کرابوو، کوتەکێکیشی پێبوو بەدەستی ئەیدا لەژێیەکە و لۆکەی ئەخستە سەری و شی ئەکردەوە. لەو کاتانەدا مناڵآن ئەم گۆرانییەیان دەگوت کە هەلاجەکە لۆکەی شی ئەکردەوە، زۆر جار هەلاجەکە لەماڵآن دەمایەوە و نیوەڕوان لەو ماڵە نانی دەخوارد تا کارەکەی ئەنجام دەدا.

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris

(٢٤)

فـــين كـــلان كـــۆ
شـــــەلا مـــــەلا دۆ
لە پاکی کە لە پیسی کـە
فـــين كـــلان كـــۆ

فین کلان کۆ



ئەم گۆرانییە یارییەکە مندالآن بۆ هەڵبژاردن دەیکەن واتە: کێ یەکەم بێت یان دووەم یان سێیەم. منالآن سێ کەس دەستی یەکتر دەگرن و سێ گۆشەیەك دروست دەکەن. هەموویان سێ چوار جار بەدەست گرتنەوە ڕوو دەکەنە یەك و سێ چوار جار دەستیان دەهێنن و دەیبەن، پاشان دەستیان بەردەدەن وهەریەکە دەست بەشێوەیەك دادەنێت لەو کاتەدا ئەم گۆرانییە دەڵێنەوە تا گۆرانییەکە تەواو دەبێت ئینجا دەست بەردەدەن و ئەو کەسەی دەستی جیاواز دانابوو، دەبێت بە(بەگ)، پاشان جارێکی تر ئەم گۆرانییەو دەست ڕاوەشاندنە دووبارە دەکەنەوە تا کەسی دووەم دەردەچێت دەبێت بە (پاش بەگ) پاشان کەسی سێیەم دەمێنێتەوە دەبێت بە (قڕە).

ئەم گۆرانییە بۆ ئەوەیە کە کام لەو منالآنە یەکەم جار یاری دەکات.

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris

(٢٥)

کیــــژ کیــــژی هەڵە بجەیـــــە
زۆر بـــــــەلارو بەلە نجەیـــــە
کیــــژ کیــــژی ســلێمانی یـــە
ســێوە ســـوورەی لای کانییـــە
کیــــژ کیــــژی بەغایــــــــــە
تـــــــەزبیحی کارەبایــــــــــە
کیــــژ کیــــژی هەورامانــــــە
چاویان ڕەش و بەژنیان جوانە
کیــــژ کیــــژی کەرکوکــــــە
ڕازاوەیـــــــە وەك بوکـــــــــە

کیژ کیژی



Institut kurde de Paris

ئەم گۆرانییە منالآن بەتایبەتی کچان دەیلێنەوە و هەموویان پێکەوە دەست دەگرن و دەیلێنەوە و هەرجارەی وەسفی جوانی ناوچەیەك دەكەن و كیژانی هەر ناوچەیەك بە شتی جوان دەشوبهێنن. ئەم ئاوازەش هەر منالآن خۆیان داهێنەرین و شوبهاندنەكەشیان زۆر جوانە وەك ئەوەی (كیژی هەڵەبجە – بەلارو لەنجە) (كیژی سلێمانی – سێوە سوورە) (كیژی بەغدا – تەزبیحی كارەبا) (كیژی هەورامان – چاو ڕەش و جوان). لەم داهێنانەشدا منالآن خەیاڵیان جوان و ناوازەیە.

Institut kurde de Paris

(٢٦)

ئیـــستعلا فـــات فـــات
وزیـــل وســـەبع لـــەفات
ڕێـــوی یەکـــــە ڕۆی ڕۆی
کلکەکەی حەوت جـــار ڕۆی

ئیستەعلا



ئەم گۆرانییە لە زمانی عەرەبی بەم شێوەیە: (**الثعلب فات فات وذيله سبع لفات**)، بەلآم کراوە بەکوردی ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە منالی کورد جگە لە یارییە کوردەوارییەکان یاری نەتەوەکانی دیکەشیان بەکارهێناوە.

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris

(٢٧)

هۆ چەرمە چەرمە چەرمە
حیۆلانێ
حەز لەبووكێ خۆ شەرمە
حیۆلانێ
بوكـــم دی حـەڵاڵـــم بـێ
حیۆلانێ
لەگەڵ عوســە لاڵـــم دی
حیۆلانێ
هەرهێنای و هەر بردی
حیۆلانێ
بوك لەخۆی مارەكردی
حیۆلانێ

هۆ چەرمە

ئەم گۆرانییە کۆمەڵێک لەکچان بەشێوەیەکی بازنەیی دەخولێنەوە و دەست دەگرن یەکێکیان بەیتەکە دەڵێت و ئەوانی تریش بە کۆرس هەموو پێکەوە دەڵێن: (حێولانێ). بەم شێوەیە ئەم گۆرانییە دەڵێنەوە تا ماندوو دەبن، چونکە بەشێوەیەکی هەڵپەرکێ دەخولێنەوە بە دەوری یەکتردا.

Institut Kurde de Paris

Institut kurde de Paris

(٢٨)

پاص پاص ئەستێرە
قومری لەسەر ئەستێرە

پاص پاص



ئەم گۆرانییە کۆمەڵێک کچ یەک بەدوای یەکتردا دەستیان درێژ دەکەن بۆ سەر شانی یەکتری و دەست دەکەن بەڕۆیشتن و سەریان دادەنوێنن و ئەم گۆرانییە دەڵێنەوە.

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris

(٢٩)

پاپ پـاپ پـه پـه پـاپ

دیــد دیــد دی دی دیــد

پاپ پاپ



ئەم گۆرانییە كۆمەڵێک كوڕ خۆیان دەكەن بەشۆفێر بۆ بووك بردن. شەش حەوت منداڵ بەدوای یەكدا بەدەم ئۆتۆمبێل لێدەخوڕن و دەستیان دەكەن بە سوكانی ئۆتۆمبێل و هەر بەدەمیش گێڕ دەگۆڕن و هەمووی بەدوای یەكدا وەك ئەوە وایە ئۆتۆمبێل لێبخوڕن و هەموویان ئەڵێن (پاپ پاپ). ئەمە وەك ئەوە وایە هۆڕن بۆ بووك بردن لێ بدەن. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات كە منالآن خۆیان لە خەیاڵێكی خۆشدا دەبیننەوە كە ئۆتۆمبێلێكی ڕاستەقینە لێدەخوڕن. ئەمەش یەكێک لە خەیاڵە بەربلآوەكانی منالآن دەردەخات.

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris

(٣٠)

ئانــــه پانــــه له پانــــه
ورد الاحمـــــــر شــــفانا
ئـــــان پـــــان پــــف
ئـــــان پـــــان پــــف

ئانە پانە



ئەم گۆرانییە لەوە دەچێت کە عەرەبی بێت، بەڵام هێندە دەزانم کە منداڵان بەتایبەتی کچ ئەم گۆرانییەیان دەگوتەوە. کۆمەڵێک منداڵ پێکەوە دەستیان دەگرت و هەڵدەپەڕین لەگەڵ تەواوبوونی گۆرانییەکەدا منداڵان خۆیان دەدا بەئەرزدا و دائەنیشتن.

Institut kurde de Paris

(٣١)

حل حلی بل بلی
چاوم ڕەشتووە بەکلی
کلی نەبوو صۆفی بوو
لە ماڵەکەی تۆپی بوو
صۆفی چوو بوو ژن بێنێ
ژنی شەفە گول بێنی
شەفە گولم کوتاوە
لەموسڵ بەرم داوە
موسڵ خشتاو خشتە
شیری کاکم لە پشتە
عەتەکە عەتەکەمەگری
هەستە بچینە قەبری
قەبری تەنگو تارە
پڕلەمشك و مارە
مشك و مارخرا پە
سەریان بە قولا پە

Institut kurde de Paris

حل حلی



Institut kurde de Paris

ئەم گۆرانییە زیاتر کچان دەیان ووت لە کۆڵان و گەڕەك .کە باسی چاو ڕشتن بە (کل) ئەکات و باسی ژن هێنانی سۆفیەك ئەکات

(٣٢)

Institut kurde de Paris

عەلیم بەگ، لام بەگ
منالّەکان چوون بۆ کویٚ ؟
چوون بۆ باغی میر
چیان برد؟ برمە
چی تریش؟ خورما
بەچی ڕۆیشتن ؟
بەعەرەبانەی تەل
چەن تەلی پیٚوە بوو ؟
سەد تەل
چەندی بۆ من ؟ چەندی بۆ تۆ؟
پە نجای بۆ من پە نجای بۆ تۆ
بووکەکەمان ناوی چی یە ؟ ناوی گوڵەیە
بەدم بیبەین یان بە زم
بەدم و زم
دم دم یاخوا موبارەکی بیٚت
زم زم یاخوا موبارەکی بیٚت

عەلیم بەگ



Institut kurde de Paris

تاقمێک منالّ (کوڕو کچ) لە کۆلآن کۆدەبنەوە. لە منالّەکاندا سێ کەس لەگەورەکان هەڵدەبژێرن و دەستی یەکتری دەگرن و فین کلان کۆ دەکەن. ئەو منالّەی یەکەم جار دەردەچێت ئەبێت بەبەگی یەکەم، ئەوەی دوای ئەو دەردەچێت دەبێت بە بەگی دووەم وکەسی سێیەم دەچێتەوە ناو کۆمەڵە منالّەکە و دەستی یەکتر دەگرن و نیوە بازنەیەك دروست دەکەن، بەگی یەکەم لەبەشی دەستە ڕاستەوە دەستی منالّی سەرێکی نیوەبازنەکە دەگرێت و دەستەکەی تریشی بە دیوارەکەوە دەگرێت. بەگی دووەمیش لە دەستە چەپەوە دەستی منالّی سەرەکەی تر دەگرێت و دەستەکەی تریشی بەدیوارەکەوە دەگرێت.

بەگی یەکەم: عەلیم بەگ

بەگی دووەم: لام بەگ

یەکەم: منالّەکان چوون بۆ کوێ؟

دووەم: چوون بۆباخی میر

یەکەم: چیان برد؟

دووەم: برمە

یەکەم: چی تر؟

دووەم: خورما

یەکەم: بەچی ڕۆیشتن؟

دووەم: بەعەرەبانەی تەل

یەکەم: چەند تەلی پێوە بوو؟

دووەم: سەد تەل

یەکەم: چەندی بۆ من؟ چەندی بۆ تۆ؟

دووەم: پەنجای بۆ من پەنجای بۆ تۆ

Institut kurde de Paris

یەکەم: بووکەکەمان ناوی چییە؟

دووەم: ناوی گوڵەیە

یەکەم: بەدم بیبەین یان بەزم؟

دووەم: بەدم و زم

بەم شێوەیە بووکەکە دەبەن.

نیوە بازنەکە دەکرێت بەدوو بەشەوە، بە شێکیان سەر بەبەگی یەکەمە و بەشەکەی تریان سەر بەبەگی دووەم، بەگی یەکەم دەڕوات و تاقمەکەی بەدوایدا بۆ ئەوەی لە نیوە بازنەکە بپچڕێن بەدەم گوتنی دم و زم بەژێر باڵی بووکەکەدا تێپەڕ دەبن، بوکەکەش بەو دیوەدا کە ئەوان ڕوویان لێیە ڕوو وەرئەگێڕێ، بۆ ئەوەی کە نیوەکەی تر دەست بەربدات، کە ڕوویان لە دیوێکی تردایە. پاشان لە کاتی گوتنی گۆرانیەکەدا کە بووکەکەیان برد دەڵێن دم دم یاخوا موبارەکی بێت... زم زم یاخوا موبارەکی بێت.بەم شێوەیە یارییەکە سەر لەنوێ دەستپێدەکاتەوە.

Institut kurde de Paris

(٣٣)

کـەڵـەشـێرو بـا ڕۆکە
ماڵــمان وا لەو گەڕەکە
سەعدی سەعدی وەرەوە
نانــمان لەگەڵ بکەرەوە
بەیانی دەچین بۆ سەیران
بــۆ ناو سـلق و باینجـــان

کەڵەشێرو باڕۆکە



ئەم گورانیەش هەر باسی مریشک و کەڵەشێر و هاوکاری کچان لە گەڵ یەکتر دەکات و بۆ ئەوەی بچنە سەیران بۆ ناو بێستانی سلّق و باینجان

Institut kurde de Paris

Institut kurde de Paris

(٣٤)

ئەم لای ماڵمان تۆڵەکە [٦]
ئەولای ماڵــمان تۆڵەکە
فــاتە نەرم و نــۆڵــەکە
ئەگەر ئەو خانگە ڕوخیا
خۆم ئەبم بە کــۆڵــەکە

---

[6] ئەم گۆرانیە تایبەتە بە ناوچەی شارەزوور وە هاوڕ یم کاك محمود ئەحمەد بۆی ناردم

ئەم لای ماڵمان تۆڵەکە

♩=80

Institut kurde de Paris

(٣٥)

مەتەڵ مەتەڵ مەتیزە[٧]
گا کوڵی حەمەی عەزیزە
نە گەڵی هەیە نە گـوان
شیر ئەدا بە گشت جیهان



[7] ئەم گۆرانیەش تایبەتە بە ناوچەی شارەزوور، لە شێوەی مەتەڵ وتراوە کە مەتەڵەکە (مەشکە) یە.

Institut kurde de Paris

چەند سەرنجێك لە گۆرانی فۆلكلۆری مناڵانی کورد

لەڕووی دەروونی و كۆمەڵناسیەوە (سایكۆلۆجی و سیسیۆلۆجیەوە).

١) ئەوەی ئاشكراو دیارە زۆربەی ئەم گۆرانییانە لەتەمەنی یەكەمی مناڵی چ ئاواز چ هۆنراوە لەلایەن گەورەوە دانراوە بەتایبەتی دایك چونكە تێكەڵی مناڵ زیاتر لەگەڵ دایكیدایە پاشان كاتێ مناڵ گەورە دەبێت خۆی دەبێتە خاوەنی ئاوازو هۆنراوەو یارییەكانی خۆی، بۆ نمونە كاتێ مناڵ پێدەگرێت ئەوكاتەی نازانێت ئاوازو هۆنراوە دابنێت، گەورە ئەم ئاوازە دەڵێت و لەگەڵ پاڵپێوەنانی رەوڕەوەكەیدا دەڵێت (دارە دارە، پێ بگرە بەهارە)

گەر سەرنج بدەین دەبینین (سۆزی دایک) زاڵە بەسەر ئەو گۆرانیانەی كە لە تەمەنی سەرەتایی منداڵدایە ،ئەوەش پەیوەستە بەوەی كە دایک نزیكترین بوونەوەرە لە مناڵەوە.

٢) ئەوەی كە لەگۆرانی مناڵاندا ڕەچاودەكرێت كە زۆربەی گۆرانییەكانی كوڕ و كچ پێكەوە یاری دەكەن و گۆرانییەكان دەڵێنەوە، كەواتە كۆمەڵگەی كوردی لەسەرەتای سەدەی بیستەم ڕێگای داوە كە مناڵ لە مناڵییەوە تێكەڵاوی یەكتربن، بەڵام دەبینین لەیارییە فۆلكلۆرییەكاندا كە زۆرتر جوڵەی تێدایە یاری كوڕان لەگەڵ یاری كچان جیاوازە، وەك ماڵە باجێنە، خەتخەتێن، هەڵمەقۆ بۆ كچ و یەكەوحەیزەران، یەكەوگۆتەكەو فڕیوە و هەلوكێن بۆ كوڕ، نمونە بۆ ئەو گۆرانییەی كە كوڕ و كچ پێكەوە دەیڵێنەوە:

أ) پشیلە سوورە بەكوێیا چوو ئەرزی دڕی و پیایا چوو

بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە كوڕ یان كچ گۆرانی تایبەتی خۆی نییە، بۆ نمونە كوڕان حەز لە شەڕە كەڵەشێر دەكەن و لەكاتی بەگژاچوونی كەڵەشێرەكان ئەم گۆرانییە دەڵێن

ب) دگل دگل دانەشەڕی مامە خانە

یان كچان پێكەوە یاری دەكەن و ئەم گۆرانییە دەڵێن

نمونە:

Institut kurde de Paris

ج) ئاگری شینی گیایی   بۆ مەیلی برایی

نمونەیەکی تر بۆ گۆرانییەك کە کچان پێکەوە دەیلێنەوە:

د) ئایشێ بنەوشێ   گسکێ بدە لە حەوشێ

٣) گۆرانی منالان لەگەڵ وەرزەکانی ساڵ دەگۆڕێت بۆ نمونە ئەو گۆرانییانەی کە لەزستان دەگوترێن جیاوازە لەباران بڕان، چونکە هاوینان بەڕۆژ یان شەو دێنە گۆڕەپان و کۆلان.

بۆ نمونە گۆرانی مامە پیرە لە هاوین ی ان لەبەهار دەگوترێ کەمناڵ خۆی دەکات بە مامە پیرەو گۆجانێك دەگرێت بەدەستیەوەو سەعاتێك دەکاتە دەستی و منالانیش بە گۆرانییەوە لێی دەپرسن:

مامە پیرە سەعات چەندە   پێم نەگوتی سەعات یەکە

نمونە لەگۆرانی باران بڕان، کاتێ کە باران نابارێت منالان لەپەڕۆ بووك دروستدەکەن و بەمالاندا دەگەڕێن، کەیبانووی ماڵەکەش جامێك ئاو دەکات بە بوکەکەداو منالان بە یەکەوە ئەم گۆرانییە دەڵێن:

بووکە بەبارانێ   سەعاتی جارانێ

یان شەوانی زستان کە منالان بەڕیز دادەنیشن هەموویان قاچ رادەکێشن، یەکێك لە منالان دەست دەخاتە سەر قاچیان، یەکە یەکە لەگەڵ گۆرانییەکەدا دەڕوات و دەڵێت: (ئەوەی گەزی). ئەو منالە قاچی دەنوشتێنێتەوە، بەم جۆرە تا کۆتایی گۆرانییەکە:

هەللور بەللور تەکامە   زەردو سوور و شەمامە

یان:

ئاخچی بوخچی   دایەو بابە سندوقچی

هەروەها گۆرانی (سابوونی رەقی) کە لە زستان لە ژوورەوە منالان پشت دەکەنە یەکتر و هەردووکیان یەکتر بەرز دەکەنەوە و دەڵێن:

سابوونی رەقی   پشتم تەقی

Institut kurde de Paris

٤) لەڕووی هۆنراوەوە دەبینین زۆربەی گۆرانیەکان لە گەڵ گیاندار دەدوێ، ئەمەش پەیوەندی بەبیرکردنەوەی ساکاری مندا ڵ دێت کە سود لە بەرجەستەیی دەبینین نەک نەبینراوەکان ،ئەویش هەڵس و کەوتیەتی لەگەڵ ئاژەڵ و باڵدار (ڕێوی –پشیلە –حاجی لەق لەق –– هتد)

وەك:

هۆ ڕێوی ڕێوی هۆو ڕێوی بێ ئیمان هۆو

یان:

حاجی لەقلەق مار هات ماری ژەنگ و ..

لەیلێ بە گریان هات پیرەژن بە گۆچان هات

٥) زۆربەی گۆرانی مناڵانی کورد لەگەڵ یاری کردندا تێکەڵە لەوانەیە ئەو یارییە بووبێتە هۆی داهێنانی ئاوازو هۆنراوەکە، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مۆسیقاو یاری کردن و سەما پەیوەندییەکی گرێدراویان پێکەوە هەیە و دەچێتە ناوناخی مرۆڤەوەو کاری لێدەکات.

٦) گەر چاوێکی وورد بخشێنین بەناو گۆرانیەکاندا دەبینین هەمیشە دوو بەرە هەیە (بەرەی چاکەو خراپە –الخیر والشر)وەک (شەیتان بەرەی شەڕە– ڕیوی فێلبازە گورگ – –حاجی لەق لەق بەرەی چاکەیە –هتد)

٧) لەڕووی هۆنراوەوە زۆربەی هۆنراوەکان سادەن، هەروەها مناڵان لاسایی دەوروبەر دەکەنەوە، جاری واهەیە لەوشەکان تێناگەن و ئەیلێنەوە بۆ نمونە تەنانەت مناڵانی کورد بەهۆی تێکەڵاوییان لەگەڵ مناڵانی عەرەبدا ئەم گۆرانییە مناڵانەی عەرەبیان دەگوتەوە، کە بەم شێوەیەیە:

استعلا فات فات ئیزیل و سەباع لەفات

کە خۆی بەعەرەبی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

الثعلب فات فات وذيله سبع لفات

Institut kurde de Paris

٨) لە ڕووی وشەکانەوە زۆربەیان سادەو ساکارن یان وشەی وایە مانای نیە
بەڵام بۆ گونجاندن لەگەڵ ئاوازەکە بەکاریان هێناوە کە زادەی خەیاڵی خۆیانە
٩) لە ڕووی ڕەزم و ڕیتمەوە:

زۆربەی ئاوازەکان ئیقاعی سادەن (الوزن البسیط) ئەویش ڕەزمی ٢/٤ یان ٤/٤ ، بەدەگمەن ڕیتمی تێکەڵاو (الوزن المرکب) بوونی هەیە، وەك ٦/٨ لە گۆرانی (مامە پیرە)، هەروەها زۆربەیان یەك ڕیتمن لەخاو تا خێرا لە سەرەتای گۆرانییەکە تا کۆتایی گۆرانییەکە.

١٠) زۆربەی ئەو کاتە مۆسیقایانەی کە لە گۆرانییەکاندا بەکارهاتوون ئەو کاتانەن کە منداڵ بە ئاسانی بۆی دەگوترێت وە بلانش(𝅗𝅥) یان نوار (♩) یان کروش (♪) وە یان بەدەگمەن دەبڵ کروش (𝅘𝅥𝅯) بەکاردەهێنرێت، چونکە کاتێکی خێراییە و بۆ منداڵ ئاسان نییە. جارجارەش نیشانەی پشوو (علامة السکوت) (𝄽 بەکاردێت، چونکە منداڵ هەناسەی کورتە.

١١) لەبەر ئەوەی چینی دەنگی منداڵانی کچ (سۆپرانۆ – تیژە) ئەو گۆرانییانە لەکاتی وتن و نوسینەوەدا لەو چینە دادەڕێژێت. بەڵام زۆربەی کوڕان دەنگیان چینی (تینور)ە

١٢) لەرووی مەودای دەنگەوە (المسافةالصوتیة) زۆربەی ئەو گۆرانییانە مەوداکانیان لەیەك (تتراکورد) واتە چواردەنگ تێناپەڕێت وە هەرگیز (ئۆکتاف) octave هەشت دەنگ تەواوناکات، وەبگرە زۆربەیان لەیەك دوو تۆن جێگیر دەبن، مەگەر باز (قفزة) بدەن بۆ چوارمیانە (مسافة رابعة) لەخوارەوە پێی دەڵێن (حرکە نازلە) (صوڵ دۆ) یان بە پێچەوانەوە (دۆ صۆڵ) کە مەودایەکی پێنج یە یان مەودای سێ دەنگی (مسافة ثالثة) سەرکەوتن (حرکة صاعدة) لە دەنگی دۆ می پاشان دەگەڕێتەوە سەر دەنگە جێگیربووەکە (نغمة الاستقرار) .

١٣) لەڕووی (مەقامەوە)زۆربەی ئەم گۆرانیانە لە سەر مەقامی گەورەن (major)، کەم نەبێت لەسەر مەقام یان (scale) بچوک (minor) بن وە چارەکە (تۆن) بوونیان نیە ,مەگەر گەورەکان دانەری بن وەک لاواندنەوەی (لای لایە).

Institut kurde de Paris

١٤) زۆربەی ئەم گۆرانییانە بەشێوەی جیاواز جیاواز دەگوترێن، بەڵام هێندەی ئەوەی کە بە منالی وتراوە بە پێی شارەزایی خۆم لەم بوارەدا و گەڕانەوەم بۆ کاتی منالی سوودم لەم ئاوازانە وەرگرتووە لەکاتی نوسینەوەی نۆتەکاندا. یان بە پێ ی خەیاڵی خۆم دەستکاریم لە ئاوازەکاندا کردوە بۆ گونجاندنی لە گەڵ ڕێتمەکاندا .تەنانەت هەندێ ووشەی نەشیاوم لابردوە .

١٥) گەر سەیری ئەم خاڵانەیسەرەوە بکەین کە باسم کردوە هەمووی لە (٣)سێ پایەی گرنگی گۆرانی منالاندا کۆدەبنەوە ئەویش ئەمانەن (دەقی هۆنراوە –ئاواز–ڕێتم) کە هەموویان ئامادەباشیان هەیە لەم لێکۆڵینەوەو شیکاریەدا .

١٦) ئەوەی ماوە کە بیڵێم ئەم گۆرانیانە زادەی ئەو ساتانەی منالیمە کە لە کۆڵانە تەسک و تەنگەبەرەکانی هەڵەبجەدا بیستومە و لەگەڵ منالاندا ئەو گۆرانی و یاریانەم کردوە .وە پێ ی نزیکی کلتوری ناو شاری هەڵەبجە کە ئەویش کلتووری شارە کە جیاوازی هەیە لەگەڵ کلتووری گوند و لادێ یەک دوو ئاواز نە بیت کە هی ناوچەی شارەزوورە .زۆربەی ئەم گۆرانیانە هاوبەشن لەگەڵ شاری سلیمانی و تەنانەت کەرکویش وەک گۆرانی (ئایشێ بنەوشێ) کە مامۆستا چالاک ئاماژەی پی کردوە لە پێشەکیەکەیدا.

Institut Kurde de Paris